

# کاری نامۆبوو[1]

- کارل مارکس
- و. لەفارسییەوە: رێبین هەردی

ئێمە لە پێشگریمانەکانی ئابوری سیاسیەوە دەستمان پێکرد و زمان و یاساکانیمان قبوڵکرد. موڵکیەتی تایبەتی، هەڵوەشاندنی (تفکیك) کار، سەرمایەو زەمین، هەڵوەشاندنەوەی کرێ، سودی سەرمایەو بەکرێدانی بەهای زەوی و هەروەها دابەشکردنی کار، ململانێ و چەمکی نرخی ئاڵوگۆڕ و ئەوانی دیمان بە پێشگریمانەی خۆمان دانا. بەپێی بنەماکانی ئابوری سیاسی و بە وشەکانی ئەو، دەرمانخست کە کرێکار تا سنوری کاڵایەك و لە راستیدا درێوترین جۆری کاڵا دادەبەزێ، دەرمانخست کە بێچاری و بەدبەختی کرێکار لەگەڵ دەسەڵات و مەزنی ئەو کاڵایانەی بەرهەمی دێنێ، پەیوەندیەکی پێچەوانەی هەیە. دەرمانخست کە دەرئەنجامی ناچاری ململانێ، کەڵەکە بوونی سەرمایەیە لە دەست کۆمەڵێکی دیاریکراو و لێرەوە پەیدابوونی مۆنۆپۆلکردن بە درندانەترین شێوە مومکینە، دواجار دەرمانخست کە جیاوازی سەرمایەداران و بە کرێدەرانی زەوی وەك جیاوازی کرێکارانی وەرزێڕی و کرێکارانی پیشەسازی لەناو دەچێ و سەرجەم کۆمەڵگا دابەش دەبێت بۆ دوو چینی خاوەن موڵك و کرێکارانی بێ موڵك.

ئابوری سیاسی کاری خۆی لە واقعیەتی کۆنکرێتی موڵکایەتی تایبەتیەوە دەست پێدەکات، بەڵام ئەو واقعیەتە روون ناکاتەوە. ئابوری سیاسی رەوتی **مادیەتێك** کە موڵکیەتی تایبەتی دەیبڕێ، لە فۆرمولگەلێکی هەمەکی و تەجریدیدا کە دواتر بە شکڵی **یاسا** پێشکەش دەکرێ، ئاشکرا دەکات. ئابوری سیاسی ئەم یاسایانە لە ئێمە **ناگەیەنێت**: واتە دەریناخات کە ئەم یاسایانە چۆن لە خودی موڵکیەتی تایبەتیەوە دروست بوون. ئابوری سیاسی هیچ رونکردنەوەیەك لە بارەی سەرچاوەی دابەشبونی کارو سەرمایەو زەوی، نادات بە دەستەوە. بۆ نمونە کاتێك کە پەیوەندی کرێ بە قازانجەوە پێناسە دەکات، بەرژەوەندی سەرمایەدار بە هۆی ئامانجی



(علە غائیە) دەزانێ، واتە ئەو شتەی کە بڕیارە ڕونی بکاتەوە، بە شتێکی بەڵگەنەویست دەزانێ. هەر بەم شێوەیە ململانێ (لە بەلگاندنەکانیدا "استدلال") بە فراوانی بەکار دەبرێت و بەپێی هەلومەرجی دەرەکی ڕوندەکرێتەوە. ئابوری سیاسی لەو بارەیەوە کە ئەم هەلومەرجە دەرەکی و بە روکەش لاوەکیانە تا چ ئەندازەیەك دەرکەوتی ڕەوتی ناچاری پەرەسەندنە، هیچ بە ئێمە نالێت. ئێمە بینیمان کە چۆن ئالوگۆر لە ڕوانگەی ئابوری سیاسیەوە وەك واقعیەتێکی لاوەکی دەردەکەویت. تەنها هێزێکی بزوێنەر کە ئابوری سیاسی پشتی پێدەبەستێ **تەماع** و **چاوچنۆکی** و شەری نێوان **چاوچنۆکان** واتە ململانێیە. بە وردی لەبەر ئەوەی کە (ئابوری سیاسی شێوەی پەیوەندی ئەم جولەیە دەرك ناکات). دەتوانێ بۆ نموونە شێوازی ململانێ لە بەرامبەر شێوازی مۆنۆپۆلکردندا، شێوازی ئازادی خاوەنانی پیشە لە بەرامبەر شێوازی پۆلینەکان، شێوازی دابەشکردنی مولکیەتی زەوی لە بەرامبەر شێوازی مولکە گەورەکاندا، دابنێ. چونکە ململانێ، ئازادی خاوەن پیشەکان و دابەشکردنی مولکیەتی زەوی بە دەرئەنجامی ناچاری و سروشتی، سیستمی پۆلین و مولکیەتی دەرەبەگایەتی نازانێ، بەلکو وەك دەرئەنجامە لاوەکی و لە پێشەوە بڕیلێکراوەو توندەکانی ئەو حالەتانە، ڕونیان دەکاتەوە.

کەوابوو هەنوکە دەبێ پەیوەندی زەروری نێوان مولکیەتی تایبەتی، چاوچنۆکی و تەماع و هەلوەشاندنەوەی کار، سەرمایەو مولکیەتی زەوی، ئالوگۆڕو ململانێ، بەهادانان یان سوکایەتیپێکردنی مرۆڤ، مۆنۆپۆلکردن و ململانێ و ئەوانی دیو بە دەربڕینێکی دی پەیوەندی سەرجەم ئەم سیستەمە لەخۆ نامۆکەرو سیستمە پارەییە، تاوتوێ بکەین.

نیازمان نیە باسەکەمان وەك (شێوزای باوی) ئابوریزانانی سیاسی لە تاوتویکردنی هەلومەرجی سەرەتایی خەیالیەوە، دەست پێبکەین. هەلومەرجێکی وا سەرەتایی هیچ شتێك ڕوون ناکاتەوە و تەنها مەسەلەکە بۆ خالیکی دوردەست و نەزانراو، دەگەرینێتەوە. ئەم هەلومەرجە ئەوەی کە بڕیارە ئابوریزان هەلیهێنجێن واتە پەیوەندی ناچاری نێوان دوو شت، بۆ نمونە نێوان دابەشکردنی کارو ئالوگۆر، بە واقعیکی بەلگەنەویست و ڕوداو دەژمێرێ. هەر بەم شێوەیەش یەزدانناسی ڕەگ و ریشەی خراپە بە هاتنە خوارەوەی ئادەم ڕوندەکاتەوە، واتە ئەوەی کە دەبێ ڕوون بکرێتەوە لە شکلیکی مێژوییدا وەك واقعیەتێکی بەلگەنەویست، پیشان دەدات.

(بەلام) ئێمە لە واقعیەتی ئابوری هاوچەرخەوە دەست پێدەکەین. هەرچەند کریکار سامانیکی زۆرتر بەرهەم بهێنێو بەرهەمەکانی لە روی دەسەلات و هەندەوە زیاتر بێت، کریکار فەقیرتر دەبێت. هەرچەند کریکار کالای زیاتر دروست بکات، خۆی زیاتر دەبێ بە کالایەکی هەرزانتر. زیادبونی نرخی جیهانی شتەکان پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە دابەزینی نرخی جیهانی مرۆڤەکانەوە هەیە. کریکار تەنها کالا بەرهەم ناهێنیت، بەلکو خۆی و کریکاریش وەك کالایەك بەرهەم دینێ، ئەمەش بە هەمان ئەو ڕێژەیەی کە بە شێوەیەکی گشتی کالا بەرهەم دینێ.

ئەو ڕاستیەی سەرەوە بە مانای ئەوەیە شت کە کار بەرهەمی دینێ واتە بەرهەمی کار، لە بەرامبەر کاردا وەك **شتێکی نامۆو دەسەلاتێکی سەربەخۆ**، سەر بەرز دەکاتەوە. بەرهەمی کار، کارێکە کە لە شتێکدا بەرجەستە بووە، واتە بووە بە مادەیەك. ئەم بەرهەمە **بەرجەستە بوونی** کارە[2]. بە واقعیبوونی (*realozation*) کار، بەرجەستەبونی کارە. بە واقعیبوونی کار لە بواری ئابوری سیاسیدا بۆ کریکاران لە شێوەی **لە دەستدانی واقعیەت**[3]، بەرجەستەبوون لە شێوەی لە دەستدانی شت و



کۆیلەیەتی لە بەرامبەریدا، مولکداری (بەرهەم) بە شێوەی **جیابوونەوە** یان نامۆ بوون (لە بەرهەم)، دەردەکەویت[4].

بە واقعیبوونی کار وەك لە دەستدانی واقعیەت تا ئەو سنورەیە کە کرێکار واقعیەتی خۆی تا سنوری مردن لە برسانا، لەدەست دەدات. بەرجەستەبوون وەك لە دەستدانی شت تا ئەو سنورەیە کە لە کرێکار شتگەلێك دەرفێنرێ کە نەك هەر بۆ ژیانی بەڵکو بۆ کارەکەی پێویستە. لە راستیدا خودی کار دەبێ بەشتێك کە کرێکار تەنها بە هەوڵێکی بێوچان و بە راوەستانی نارێك و پێك دەتوانێ بە دەستی بهێنێ. مولکداری شت بە شێوەی نامۆبوون لێی تا ئەو سنوورەیە کە کرێکار هەرچەند زیاتر شتەکان بەرهەم بهێنێ، کەمتر دەبێتە خاوەنی و زیاتر دەچێتە ژێر رکێفی بەرهەمەکەی خۆی، واتە سەرمایەوە.

سەرجەم ئەم دەرئەنجامانە لەو راستیەوە سەرچاوە دەگرن کە پەیوەندیی کرێکار بە **بەرهەمی کارەکەی خۆیەوە**، پەیوەندیە **بە شتێکی نامۆوە**. بە پێی ئەم پێشگریمانەیە گومانی تیا نیە کە هەرچی کرێکار زیاتر خۆی بەکار دەبەخشێ، جیهانی نامۆی شتەکانی کە دروستی دەکات بەسەرخۆی و دژی خۆی بەهێزتر دەبێ و ژیانی دەرونی بەتاڵ دەبێ و شتگەلێکی کەمتر دەبێ بە مولکی ئەو. هەر ئەم شتانەش لە دیندا روودەدات. هەرچی مرۆڤ خۆی زیاتر بەخودا دەبەخشێ، کەمتر گوێ بەخۆی دەدات. کرێکار ژیانی خۆی تەرخان دەکات بۆ بەرهەمهێنانی شتێك بەڵام ژیانی چیدی نەبەستراوە بە خۆیەوە، بەڵکو بەستراوە بەو شتەوە (کە بەرهەمی دینێ). لێرەوە هەرچی ئەم چالاکیە فراوانتر بێت کرێکاران شتگەلێکی کەمتر بەدەست دێنن. بەرهەمی کاری ئەو هەرچی بێت، ئەو چیدی خۆی نیەو لە ئەنجامدا هەرچی ئەم بەرهەمە زیاتر بێت، ئەو کەمتر خۆی دەبێت. **نامۆبوونی** کرێکار لەو بەرهەمانەی بەرهەمی دینێ، نەك هەر بە مانای ئەوەیە کە کارەکەی دەبێ بە شتێك و بە بوونێکی **دەرەکی** بەڵکو بەو مانایەشە کە کارەکەی لە **دەرەوەی** ئەوە، سەربەخۆ لەو و وەك شتێکی نامۆ لەگەڵیدا هەیەو دەسەڵاتێکە کە لە بەرامبەریدا رادەوەستێ. شتەکان بەو ژیانەی کرێکار پێیاندەبەخشێ، وەك شتێکی نامۆ لە بەرامبەریدا، رادەوەستێ.

ئێستا وردتر تەماشای چەمکی بەرجەستەبوون و ئەو بەرهەمەی کرێکار بەرهەمی دینێ و تیایدا تەماشای **نامۆبوون** و **لە دەستدانی شت** واتە بەرهەمەکەی، دەکەین.

کرێکار ناتوانێ شتێك بێ **سروشت**، بێ **جیهانی هەستپێکراوی دەرەکی**[5] دروست بکات. ئەوە مادەیەکە کار لەسەر بناغەی دەبێ بە واقعی و شتێکی فیعلی و لە مادەو بەهۆی مادەوەیە شتەکان بەرهەم دینێ.

سروشت وەك چۆن **ئامێرەکانی ژیان** *Means of life* بۆ کار دەستەبەر دەکات (بە مانای ئەوەی کە کار بێ ئەو شتانەی کە کاریان لەسەر دەکات، ناتوانێ ژیانی هەبێت) بە مانایەکی سنوردارتر **ئامێرەکانی** ژیانیش دەستەبەر دەکات.. واتە ئامێرگەلێك کە بۆ زامنکردنی ژیانی مادی خودی کرێکار، پێویستە.

لێرەوە هەرچی کرێکار لە جیهانی دەرەکی و لە ئەنجامدا سروشتی هەستپێکراو، بەکاری خۆی دەکات بە مولکی خۆی، خۆی بە شێوەیەکی دوچەندان لە ئامێرەکانی ژیان مەحروم دەکات، یەکەم: لەبەر ئەوەی جیهانی هەست پێکراوی دەرەکی چیدی نابێتە شتێکی بەستراو بەکاری ئەوەوە یان بە دەربڕینێکی دی **ئامێری ژیانی** نابێت، دوهەم ئەم جیهانە هەسپێکراوە دەرەکیە چیدی **ئامێری ژیان** بە مانای راستەوخۆ واتە ئامێرێك بۆ زامنکردنی گوزەرانی کرێکاریش نابێ.

کەوابوو لە هەردوو لایەنەوە، کریکار دەبیتە کۆیلەی شتەکە، سەرەتا لەو رووەوە کە ئوبژیکتی کار وەردەگریّ واتە لەو رووەوە کە کار (و ئیشیك) پەیدا دەكات و دوهەم لەو روەوە کە ئامیری گوزەرانی ژیانی *Meuns of subsistence* خۆی وەردەگریّ. لیرەوە دەتوانیّ کە سەرەتا وەك کریکار و دوهەم وەك **بونیکی جەستەیی** *Physical subject* بوونی هەبیّ. لوتکەی ئەم کۆیلەیەتیە کاتیکە کە تەنها لە پلەی کریکاردا دەتوانیّ **بوونی جەستەیی** بپاریزیّ و تەنهاش وەك **بونیکی جەستەیی**، بە **کریکار** دەژمیریّ. نامۆبونی کریکار لە بەرهەمەکەی خۆی لە یاساکانی ئابوری سیاسیدا بەم شیوەیە دەردەبریّ: (هەرچی کریکار زیاتر بەرهەم بهینیّ، کەمتر مەسرەف دەکات،.. هەرچەند نرخی زیاتر بەرهەم بهینیّ، خۆی بیّ بەهاتر و بیّ نرختر دەبیّ.. هەرچی بەرهەمەکانی زیاتر پوختە کراو بیت، خۆی کورتر دەبیّ.. هەرچی بەرهەمەکەی شارستانیتر بیت، خۆی درندەتر.. هەرچی کار بەهیزتر، خۆ بیّ تواناتر.. هەرچی کار هوشیارانەتر، خۆی دەبەنگ ترو زیاتر دەبیتە کۆیلەی سروشت).

**ئابوری سیاسی بە لە بەرچاوگرتنی پەیوەندی راستەوخۆی نیوان کریکار** (کار) **و بەرهەمەکانی، نامۆبونی زات لە خەسلەتی کاردا دەشاریتەوە.** راستە کە کار بۆ دەولەمەندان شتگەلیکی سەرسورهینەر بەرهەمدەینیّ، بەلام بۆ کریکار فەقیری و دەستکورتی بەرهەم دینیّ. کار دروستکەری کۆشکەکانە، بەلام بۆ کریکار کەپریك دروستدەکات. کار جوانی دروستدەکات بەلام بۆ کریکار ناشرینی بەرهەم دینیّ. ماشین لەبری کار (ی دەستی) دادەنیّ بەلام بەشیك لە کریکاران بۆ کاری درندانە پالپیوە دەنیّو کریکارانی دیش دەکات بە ماشینیك. کار بەرهەم هینی هوشیاریە بەلام بۆ کریکاران گەمژەیی و بیّ هەستی بەرهەم دینیّ.



**پەیوەندی راستەوخۆی کار بە بەرهەمەکانیەوە، پەیوەندی کریکارە بەو بەرهەمانەی خۆی بەرهەمی دینیّ.** ئەو پەیوەندیەی کە مولکدار بە بەرهەمەکانی بەرهەم هینانەوەو خودی بەرهەم هینانەوە دروستی دەکات، تەنها **دەرئەنجامیکی** ئەم پەیوەندیە سەرەتاییەیەو دەیسەلمینیّ. ئیمە پاشتر ئەم لایەنی دووهەمە تاوتویّ دەکەین.

کاتیك دەپرسین پەیوەندی بنەرەتی کار چیە، لە راستیدا مەبەستمان پەیوەندی کریکارە بە بەرهەمهینانەوە.

تا ئیستا جیابونەوەو نامۆبونی کریکارمان لەیەك لایەنەوە واتە لە رووی پەیوەندی کریکار بە بەرهەمهینانی کارکردنەوە تاوتویکرد، بەلام نامۆبوون نەك هەر لە دەرئەنجامی بەرهەمهیناندا بەلکو لە خودی ئیشی بەرهەمهینانداو لە چوارچیوەی چالاکی بەرهەمهینانیشدا روودەدات. ئەگەر کریکار لە خودی ئیشی بەرهەمهیناندا خۆی لەخۆی نامۆ نەکردبیّ، چۆن دەتوانیّ سەبارەت بە بەرهەمی چالاکیەکەی نامۆ بیت؟ بەرهەمی بەرهەمهینان، دەرئەنجام و بەرهەمی چالاکی و بەرهەمهینانە، کەوابوو گەر کریکار نامۆ بیت بە بەرهەمی کار، ئەوا دەبیّ خودی بەرهەمهینان نامۆبونیکی چالاك، نامۆییەکی چالاکی و یان بە دەربرینیکی دی چالاکی نامۆکەر بیت. نامۆبووی بەرهەمی کار لە کار، تەنها لە جیابونەوەو نامۆبوونی خودی چالاکی کاردا کورت ئەبیتەوە.

بەم پییە چ شتیك دەبیتە هۆی نامۆ بوونی کار؟

یەکەم لەبەر ئەوەی کار سەبارەت بە کریکار بووە بە رەگەزیکی دەرەکی، واتە نەبەستراوە بە بوونی خودی کریکارەوە، لە ئەنجامدا لە کاتی کارکردندا نەك هەر خۆی ناسەلمینیّ، بەلکو خۆی نەفی دەکات.. لەبری خۆشنودی، هەست بە رەنج دەکات.. نەك هەر وزەی جەستەی و زیهنی خۆی ئازادانە پەرەپینادات، بەلکو جەستەی خۆی پەك



دەخات و زیهنی خۆی بەرەو لەناوبردن و دەبات.

کەوابوو کریکار تەنها کاتیك لە دەرەوەی فەزای کارە لەخۆی دەگات و کاتیکیش لە فەزای کاردایە، لە دەرەوەی خۆی دەبیت. کاتیك ئاسایشی هەیە کە کار ناکات و کاتیکش کە کار دەکات، هەست بە ئاسایش ناکات. لە ئەنجامدا کارەکەی لە ئەنجامی هەلبژاردنەوە نیە، بەلکو بەسەریدا سەپینراوە. ئەم کارە، **کاری ئیجباریە**. لەبەرئەوە **پیداویستیەك** جیبەجێ ناکات، بەلکو ئامیریکی رووتە بۆ دەستەبەرکردنی ئارەزووگەلیك کە سەبارەت بەو دەرەکین. خەسلەتی نامۆبوونی کریکار بە روونی لەو راستیەدا دەبینرێ کە هەر ئەوەندە کە ناچاریەکی فیزیایی یان ناچاریەکی دی لە ئارادا نەبیت، لە کارکردن وەك تاعونیك رادەکات. کاری دەرەکی، کاریك کە مرۆڤ تیایدا خۆی نامۆ دەکات، کاریکە کە بەهۆیەوە خۆی قوربانی دەکات و خۆی بەرەو ویرانی دەبات. دواجار خەسلەتی دەرەکی کار بۆ کریکار لەو راستیەدا دەردەکەویت کە ئەم کارە مولکی ئەو نیەو مولکی کەسی دیەو کریکار نەك مولکی خۆی بەلکو مولکی کارە. دروست وەك دین کە تیایدا چالاکی خۆ بزوینەری خەیالی مرۆیی واتە چالاکی میشك و دلی مرۆڤ، سەربەخۆ لە تاکەکەس کاردەکات واتە وەك چالاکی بونەوەریکی نامۆ چ خودایی یان شەیتانی، کاری تیدەکات، چالاکی کریکاریش چالاکیەکی خۆ بزوینەر نیە و مولکی ئەوی دیە. ئەم چالاکیە ئاشکراکەری لە دەستدانی خودیتی خودە.

کەوابوو مرۆڤ (کریکار) تەنها لە کارکردنە ئاژەلیەکانی خۆیدا وەك خواردن و نۆشین و بەرهەمهینانی رەگەز و یان ئەوپەری لە جیگەی نیشتەجیبوون و شیوازی جلوبەرگی خۆیدا، ئازادانە رەفتار دەکات و لە کارکردە مرۆییەکانی خۆیدا، لە ئاژەلّ زیاتر نیە. ئەوەی کە ئاژەلیە، مرۆیی دەکریت و ئەوەشی مرۆییە ئاژەلی دەکریت.

دیارە خواردنو نۆشین و بەرهەمهینانی رەگەز و شتی لەم بابەتە، کارکردنی بە راستی مرۆڤانەن، بەلام کاتیك لە چالاکیە مرۆییەکانی دی دادەبرین و دەبن بە ئامانجیکی رووت، ئەوا کارکردنیکی ئاژەلین.

ئیمە تا ئیستا ئیشی نامۆبوونی چالاکی مرۆڤ واتە کارمان لە دوو روویەوە تاوتویکرد.

*1*)پەیوەندی کریکار بە بەرهەمی کارەوە وەك شتیکی نامۆ کە دەسەلاتی بەسەر کریکاردا هەیە. ئەم پەیوەندیە لە هەمانکاتدا پەیوەندی بەجیهانی هەستپیکراوی دەرەوە، واتە بە شتەکانی سروشتیشەوەیە کە لە شیوەی جیهانیکی نامۆدا لە بەرامبەر کریکاردا، رادەوەستێ.

*2*)پەیوەندی کار بە کرداری بەرهەمهینانەوە لە چوارچیوەی پرۆسەی کاردا. ئەم پەیوەندیە، پەیوەندی کریکارە بە چالاکی خۆیەوە وەك چالاکیەکی نامۆ کە پەیوەست نیە بەوەوە. ئەم چالاکیە، چالاکیەکی سەخت، هیزیکی لاوازکەر، خولقاندنیکی نەزۆك کەرە کە وزەی جەستەیی و زیهنی کریکار، یان لە راستیدا ژیانی تایبەتی کریکار —ئاخر ژیان جگە لە چالاکی چی دیە؟— دەکات بە چالاکیەکی دژ بە خۆی، سەربەخۆو ناپەیوەست بەوەوە. ئیمە لیرەدا شایەتی **لەخۆ نامۆبونین** *Self-estangment* کە پیشتر وەك نامۆبوون لە شتەکان بینی بومان.

لایەنیکی سیهەم لە **کاری نامۆبوودا** هەیە کە دەرئەنجامی دولایەنەکەی دیە کە پیشتر تاوتویمانکرد.

مرۆڤ بونەوەریکی نەوعیە *Species being* نەك هەر لەبەرئەوەی کە لە تیورەو پراکتیکدا، رەگەزەکان (رەگەزی خۆی و رەگەزەکانی دی) وەك ئۆبژیکتیکی خۆی هەلدەبژیرێ، بەلکو ئەمەش دەربرینیکی دی هەمان بابەتە— لەگەلّ خۆیدا وەك رەگەزیك کە واقعی و زیندووە، واتە لە پلەی

بونەوەرێکی گەردونی و لێرەوە ئازاددا، رەفتار دەکات.

ژیانی رەگەزی، چ ژیانی مرۆیی و چ ژیانی ئاژەڵەکان، لە رووی مادیەوە لەو راستیەوە سەرچاوە دەگرێ کە مرۆڤ (وەك ئاژەڵەکان) لە لای سروشتێکی نائورگانیەوە دەژی و لەبەرئەوەش کە مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ ئاژەڵەکاندا گەردونی ترە، ئەوا سنوری ئەو سروشتە نائورگانیکەی لە لایەوە دەژی، گەردونی تر دەبێت. وەك چۆن گیاکان، ئاژەلەکان، بەرد، هەواو روناکی و لەم بابەتانە لە رووی تیوریەوە هەندیکیان وەك بابەتەکانی زانستە سروشتیەکان و هەندیکیان وەك بابەتەکانی هونەر، بەشیك لە هوشیاری مرۆڤ پیك دەهینن و سروشتی مەعنەوی نائۆرگانیو خۆراکی فکری ئەون کە سەرەتا دەبێ بۆ هەرسکردنی ئامادە بکرین، لە بواری پراکتیکیشدا بەشیك لە ژیان و چالاکی مرۆڤ دروست دەکەن. مرۆڤ لە روی فیزیاییەوە لە تەنیشت بەرهەمەکانی سروشتەوە دەژی، گەرچی بە شیوەی خواردن، گەرما، و ماڵ و هتد، دەرکەون. گەردونی بوونی مرۆڤ لە پراکتیکدا بە شیوەی ئەو گەردونی بوونە دەردەکەویت کە سەرجەم سروشت دەکات بە قالبیکی نائورگانی مرۆڤ، چونکە سروشت هەم *1)* ئامیری راستەوخۆی ژیانیتیو هەم *2)* مادەو شت و ئامیری چالاکی ژیانیتی. سروشت قالبی نائۆرگانی مرۆڤەو ئەمەش تا ئەو جیگەیەی کە خودی سروشتی قالبی مرۆڤ نیە. ئەوەی کە دەلیین مرۆڤ لە تەنیشت سروشتەوە دەژی بە مانای ئەوەیە کە سروشت قالبی ئەوەو ئەگەر دەیەویت نەمرێ، دەبێ بەردەوام پەیوەندی پیوەی هەبیت. بەستنەوەی ژیانی مەعنەوی و مادی مرۆڤ بە سروشتەوە، ریك بە مانای ئەوەیە کە سروشت لەگەڵ خۆیدا پەیوەندی هەیە.. چونکە مرۆڤ خۆی بەشیکە لە سروشت.



کاری نامۆ بوو، بە نامۆکردنی مرۆڤ *1)* لە سروشت و *2)* لە خودی خۆی واتە لە کارکردنە عەمەلی و چالاکیە زیندوەکانی، **رەگەزی مرۆڤ** لە مرۆڤ نامۆ دەکات. کاری نامۆ بوو ژیانی نەوعی بە ئامیریك بەرەو ژیانی فەردی دەگۆریت. لە چرکەی یەکەمدا ژیانی نەوعی و ژیانی فەردی، نامۆ دەکات و پاشان ژیانی فەردی لە شکلی موجەرەدی خۆیدا دەکات بە ئامانجی ژیانی نەوعی لە هەمان شیوەی موجەرەدو نامۆدا.

لە راستیدا کار واتە چالاکی زیندو ژیانی بەرهەمهینان، لە چرکەی یەکەمدا لە حوکمی **هۆکاریکدا** بۆ تیرکردنی پیداویستیەك واتە پیداویستی مانەوەی بونی فیزیای (مرۆڤ) دەردەکەویت. لەگەڵ ئەمەشدا ژیانی بەرهەمهینان، ژیانی نەوعیە. ئەم ژیانە، ژیان دروستکەرە. خەسلەتی گشتی رەگەزەکان، خەسلەتی نەوعی (مرۆڤ) لە سروشتی چالاکی زیندویدا دەردەکەویت و چالاکی ئازادو هوشیارانە، خەسلەتی رەگەزی مرۆڤە. ژیان تەنها وەك ئامیریك بۆ ژیان دەردەکەویت.

ئاژەڵ لەگەڵ چالاکی زیندووی خۆیدا بێ هیچ نیوەندیك تیکەڵاو بوە و خۆی لەم چالاکیە جیاناکاتەوە. ئەم چالاکیە بە چالاکی زیندوی ئەو دەژمیریت. بەڵام مرۆڤ چالاکی زیندوی خۆی، ملکەچی ئیرادەو هوشیاری خۆی دەکات و خاوەنی چالاکیەکی زیندووی هوشیارانەیە. ئەم چالاکیە زیندوە مەبەست و ئامانجیك نیە کە مرۆڤ راستەوخۆ خۆی لەگەلیدا کردبیت بە یەکیك. چالاکی زیندوی هوشیارانە، مرۆڤ بێ نیوەندیك لە چالاکی زیندوی ئاژەڵ جیادەکاتەوە، هەر ئەمەیە کە مرۆڤ بونەوەریکی نەوعیە یان بە زمانیکی دی، لەبەر ئەمەیە کە مرۆڤ بونەوەریکی نەوعیە، بونەوەریکی هوشیارە واتە ئەوەی کە ژیانی خۆی بۆ ئەو لە حوکمی ئوبژیکتیکدایە. هەر لەبەر ئەوە، چالاکی ئەو،



چالاکیەکی ئـازادە. کـاری نـامۆ بـوو ئـەم پەیوەندیە پیچەوانـە دەکاتـەوە واتـە لەبـەر ئـەوەی مـرۆڤ بونەوەریکی هوشیارە، چالاکی زیندووی خۆی، **بونی زاتی خۆی** *essenticll* دەگۆریت بە ئامیریکی روت لە خزمەت **بونیدا**.

مرۆڤ بە خولقاندنی **جیهانی شتەکان**[7] لە ریی چالاکی عەمەلی خۆی و لەو **کارەدا** کە لەسەر سروشتی نائۆرگانی دەیکات، خۆی وەك بونەوەریکی نەوعی هوشیار دەسەلمینێ واتە وەك بونەوەریك کە لەگەڵ نەوعی خۆیدا وەك بونیکی زاتیو یانی لەگەڵ خۆیدا وەك بونەوەریکی نەوعی، روبەرو دەبیتەوە. بیگومان ئاژەلەکانیش بەرهەمهینن. بۆ نمونە هەنگ، سەگی ئاوی و میرولەکان، هیلانەو ماڵ بۆ خۆیان دروستدەکات، بەڵام ئاژەڵ شتیك بەرهەمدینێ کە پیویستی خیرای خۆی یان بیچوەکەیەتی. بەرهەمهینانی ئەوان تاك رەهەندانەیە لە کاتیکدا کە مرۆڤ هەمەلایەنە (و بەربڵاو) بەرهەمدەهینێ. ئاژەلەکان لە ژیر ناچاریی راستەوخۆی پیداویتسیە هەستیەکانیاندا دەست بە بەرهەمهینان دەکەن، لە کاتیکدا کە مرۆڤ سەرجەم سروشت بەرهەم دەهینیتەوە. بەرهەمی ئاژەڵ راستەوخۆ بەستراوە بە بوونی فیزیاییەوە، لە کاتیکدا مرۆڤ ئازادانە رووبەرووی بەرهەمەکەی دەبیتەوە. ئاژەڵ بەرهەمەکەی خۆی بە گونجان لەگەڵ پیوەرەکان و پیداویستیەکانی ئەو رەگەزەی کە سەر بەوە، دروست دەکات. لە کاتیکدا مرۆڤ لە توانایدایە بە گونجان لەگەڵ جۆرەکانی دیدا بەرهەم بهینێ و دەزانێ چۆن لەهەر جییەکدا پیوەری گونجاو لەگەڵ شتەکاندا، بەکار بهینێ. لەم روەوە مرۆڤ شتەکانیش بە پیی یاساکانی جوانیش، دروستدەکات.

لیرەوە مرۆڤ تەنها بەکاری خۆی لەسەر جیهانی بەرجەستەیە کە لە چرکەی یەکەمدا خۆی وەك بونەوەریکی **نەوعی** دەسەلمینێ. ئەم بەرهەمهینانە، ژیانی چالاکی نەوعی ئەوە. لە ریگەو بەهۆی ئەم بەرهەمهینانەوەیە کە سروشت وەك کار و واقعیەتی ئەو دەردەکەویت. لیرەوە ئۆبژیکتی کار، بە بابەتبوونی ژیانی نەوعی مرۆڤە، چونکە (لەم ریگەیەوە) نەك تەنها لە رووی زیهنیەوە واتە لە هوشیاری خۆیدا، بەلکو لە واقعیەتیشدا چالاکانە خۆی بەرهەمدەهینیتەوەو لە جیهانیکدا کە بەرهەمیهیناوە، خۆی ئەندیشە دەکات. بەم پییە کاری نامۆبوو بە جیاکردنەوەی بەرهەمی بەرهەمهینانی مرۆڤ لە مرۆڤ، لە راستیدا ژیانی نەوعی و بابەتبوونی واقعی خۆی وەك ئەندامیك لە رەگەز (ی مرۆڤ) جیادەکاتەوەو مەزنی ئەو بەسەر ئاژەلدا هیندە بەرەو لاوازی دەبات کە (تەنانەت) قالبی نائۆرگانی ئەو واتە سروشتیشی لیدەستینرێ. هەر بەم شیوەیە کاری نامۆبوو بە دابەزاندنی چالاکی خۆبزوینەرو ئازادی (مرۆڤ) بۆ ئامیریك، ژیانی نەوعی مرۆڤ دەکات بە ئامیریك بۆ ژیانی جەستەیی خۆی. ئەو هوشیاریەی مرۆڤ لە نەوعی خۆی هەیەتی، لەم نامۆبونەدا بە جۆریك دەگۆریت کە ژیانی نەوعی بۆ ئەو تەنها وەك ئامیریکی لیدێ.

لیرەوە کاری نامۆ بوو:

*3)* **بوونی نەوعی مرۆڤ**، چ خەسلەت و چ تایبەتمەندی نەوعی مەعنەوی مرۆڤ، دەگۆریت بۆ بونیکی نامۆو ئامیریك لە خزمەت ژیانی فەردیدا (و بەمشیوەیەش) مرۆڤ لە قالبی خۆی و هەروەها لە سروشتی دەرەکی و زاتی مەعنەوی واتە **بوونی مرۆڤانەی**، نامۆ دەکات.

*4)* دەرئەنجامی راستەوخۆی ئەم واقعیەتە کە مرۆڤ لە بەرهەمی کاری خۆیو لە چالاکی زیندوانەی خۆیو لە بونی نەوعی خۆی نامۆ دەبیت، **نامۆبوونی مرۆڤە لە مرۆڤ**. کاتێ مرۆڤ روبەروی خۆی دەبیتەوە، وەك ئەوەی روبەروی مرۆڤەکانی دی



بوبیتەوە، ئەوەی پەیوەندیدارە بە پەیوەندی مرۆڤ بە کارو بەرهەمی کارەکەی و بەرهەمی کاری مرۆڤەکانی دیەوە، بڵاودەبیتەوە.

لە راستیدا ئەو مەسەلەیەی کە خەسلەتی نەوعی مرۆڤ لیی نامۆ بووە، بەو مانایەی کە مرۆڤەکان لە یەکدی و هەریەکەشیان لە خەسلەتی مرۆڤ، نامۆ بوون.

نامۆبوونی مرۆڤ و لە راستیدا هەر پەیوەندیەك کە مرۆڤ بەخۆیەوە دەیبەستیت، لە چرکەی یەکەمدا لەو پەیوەندیەدا دەردەکەویت و دەسەلمێ کە بە مرۆڤەکانی دیەوە، دەیبەستیت.

لیرەوە هەموو کەسیك لە چوارچیوەی پەیوەندی کاری نامۆبوودا ئەوی دی لەسەر بناغەی ئەو پیوەرو پەیوەندیانەی کە تیایدا خۆی وەك کریکاریك دەرك دەکات، رەچاو دەکات.

ئیمە لیکۆلینەوەکەمان لە واقعیەتیکی ئابوری سیاسیەوە واتە لە نامۆبوونی کریکارو بەرهەمهینانیەوە، دەستپیکرد (و) ئەم واقعیەتەشمان لەسەر بناغەی چەمکی **کاری نامۆبوو**، رونکردەوە (و) بە شیکردنەوەی ئەم چەمکە، واقعی ئابوریمان تاوتویکرد.

هەنوکە دەمانەویت ببینین چۆن چەمکی کاری نامۆ بوو لە ژیانی واقعیدا ئامادەو دەردەکەویت.

ئەگەر بەرهەمی کار لە من نامۆیە، ئەگەر ئەم بەرهەمە وەك هیزیکی نامۆ لە بەرامبەر مندا رادەوەستێ، کەوابوو، مولکی چ کەسیکە؟ ئەگەر چالاکی خۆم مولکی من نەبیت، ئەگەر ئەم چالاکیە، چالاکیەکی نامۆو لە روی ناچاریەوە بیت، کەوابوو ئەم چالاکیە مولکی کییە؟

(مولکی) بونەوەریکی جیا لەخۆمە.

ئەم بونەوەرە کییە؟

خواکان؟ ئەلبەتە لە سەردەمە سەرەتاییەکاندا، بەرهەمی سەرەکی (وەك بیناکردنی پەرستگاکان و لەم بابەتە لە میسر، هند و مەکسیکدا) لە خزمەتی خواکاندا بوو و بەرهەمیش دەبووە مولکی ئەوان، بەڵام خواکان بۆ خودی خۆیان هەرگیز خاوەنی کار نەبوون. ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە **سروشتیش** راستە. شایەتی چ دژایەتیەکین! مرۆڤ هەرچی زیاتر سروشت بەکاری خۆی دەستەمۆ دەکا و موعجیزەکانی پیشەسازی موعجیزەکانی خواکان زیاد لە پیشوو زیادەو ناپیویست، دەبێ زیاتر واز لە لەزەتی بەرهەمهینان و چیژوەرگرتن لە بەرهەمەکەی بۆ ئەم هیزانە، بهینێ. ئەو بونەوەرە **نامۆیە** کە کارو بەرهەمی کار مولکی ئەوەو کار لە خزمەتی ئەودایە و قازانجی بەرهەمی کاریش دەچیتە ژیر دەستیەوە، تەنها دەتوانێ خودی مرۆڤ بیت.

ئەگەر بەرهەمی کار مولکی کریکار نەبیت، ئەگەر ئەم بەرهەمە وەك هیزیکی نامۆ لە بەرامبەریدا سەربلند دەکاتەوە، تەنها لەو رووەوەیە کە مولکی مرۆڤیکی ترە جگە لە کریکار. ئەگەر چالاکی کریکار مایەی ئازارو ئەشکەنجەیەتی، کەوابو دەبێ بۆ ئەوی دی سەرچاوەی لەزەت و خۆشبەختی ژیانی بیت. نە خوداو نە سروشت، بەلکو تەنها خودی مرۆڤە کە دەتوانێ ئەم هیزە بیگانەیە بیت بەسەر مرۆڤەوە.

دەبێ گریمانەی پیشومان لەیاد بیت کە هینابومانە ئاراوە: پەیوەندی مرۆڤ بەخۆیەوە تەنها لە ریگەی ئەو پەیوەندیانەوە کە بە کەسانی دیەوە دەیگریت، بابەتیبوون و فیعلیەت پەیدا دەکات[8].

لیرەوە ئەگەر بەرهەمی کاری مرۆڤ واتە کاری بە بابەتبووی ئەو، وەك شتیکی نامۆ، دوژمن و بەهیزی لیدیت کە سەربەخۆیە لە مرۆڤ، ئەوکات هەلومەرجی ئەو سەبارەت بەو کارە بە شیوەیەکە کە وەك ئەوەی کەسیکی دی خاوەنی ئەم کارەیە، کەسیك کە سەبارەت بەو بیگانە، دوژمن، بەهیزو سەربەخۆیە. ئەگەر پەیوەندی ئەو بە چالاکی خۆیەوە وەك چالاکیەکی نائازادنە بیت، ئەوکاتە ئەم پەیوەندیە



چالاکیەکە کە لە خزمەت و لەژێر دەسەڵات، ناچاریو کۆنترۆلی مرۆڤیکی تردایە.

هەموو شیوە لە خۆ نامۆبونیکی مرۆڤ، لەخۆی و لە سروشت، لە شیوەی پەیوەندیەکدا دەردەکەویت کە ئەو لە نیوان خۆی و سروشت لەگەڵ مرۆڤەکانی دیدا، دەیگریت. هەر لەبەر ئەمە لەخۆ نامۆبونی دینی بە ناچاری لە پەیوەندی مرۆڤی ئاساییدا بە قەشەوەو لەبەر ئەوەش کە لیرەدا سەروکارمان لەگەڵ جیهانی زیهنیدا هەیە، لە پەیوەندی مرۆڤی ئاسایی بە نیوان کاریکەوە و لەم بابەتە، دەردەکەویت. لە جیهانی واقعی عەمەلیدا، لە خۆ نامۆبوون تەنها لە ریی پەیوەندی عەمەلی و واقعی بە مرۆڤەکانی دیەوە، دەتوانیٚ دەربکەویت. ئەو نیوانکارەی لە ریگەیەوە نامۆبوون سیمای خۆی پیشاندەدات، خۆی هۆکاریکی **عەمەلیە**. لیرەوە مرۆڤ بەهۆی کاری نامۆ بووەوە نەك هەر پەیوەندی خۆی بە شتەکان و ئیشی بەرهەمهینانەوە لە شکلی پەیوەندی بە مرۆڤە نامۆکان و روبەروی ئەو مرۆڤانەوە، دروست دەکات، بەلکو پەیوەندیەکیش دروست دەکات کە تیایدا مرۆڤەکانی دی لە بەرامبەر بەرهەمهینان و بەرهەمی ئەودا، سەربلند دەکەنەوە.. پەیوەندیەك کە خۆشی تیایدا لە بەرامبەر ئەم مرۆڤانەدا دادەنیٚ. مرۆڤ وەك چۆن بەرهەمهینانی خۆی لە شکلی لە دەستدانی واقعیەت و سزادانی خۆی و بەرهەمەکەشی وەك زیان واتە وەك بەرهەمیك کە مولکی ئەو نیە، دروست دەکات، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی مرۆڤیك کە بەرهەم ناهینیت بەسەر بەرهەمهینان و بەرهەمەکەیدا، دروست دەکات. مرۆڤ وەك چۆن چالاکی خۆی لەخۆی نامۆ دەکات، چالاکیەکەی بە بیگانەیەك دەبەخشیٚ کە مولکی ئەو نیە.

تا ئیستا ئەم پەیوەندیەمان تەنها لە روانگەی کریکارەوە تاوتویکرد، دواتر ئەم مەسەلەیە لە روانگەی ئەو کەسەوە تاوتوی دەکەین کە کار ناکات.

کەوابوو کریکار بەهۆی **کاری نامۆ بووەوە** پەیوەندی کەسیك بەم کارە بەرهەمدینیٚ کە سەبارەت بەو بیگانەیە و لە دەرەوەی ئەو راوەستاوە. پەیوەندی کریکار بە کارەوە، پەیوەندی سەرمایەدار (یان هەر ناویکی کە بە خاوەن کار دەدریٚ) بەو (کارە) دروست دەکات. لیرەوە **مولکایەتی تایبەتی**، بەرهەم و دەرئەنجامی ناچاری کاری نامۆ بووە و (هەروەها بەرهەم و دەرئەنجامی) پەیوەندی دەرەکی کریکارە بە سروشت و خۆیەوە.

بەم شیوەیە **مولکایەتی تایبەت** لەسەر بناغەی شیکردنەوەی چەمکی **کاری نامۆبوو** واتە **مرۆڤی نامۆ بوو**، کاری نامۆ بوو، ژیانی نامۆ بوو و مرۆڤی (لەخۆ) نامۆ، هەلدەهینجینریٚ.

راستە کە ئیمە لە جولەی **مولکایەتی تایبەتیەوە** چەمکی **کاری نامۆ بوو** (یان **ژیانی نامۆ بوو**) مان لە ئابوری سیاسیەوە هەلهینجا، بەلام بە شیکردنەوەی ئەم چەمکە روندەبیتەوە کە ئەگەرچی پیدەچیت کە مولکایەتی تایبەتی بنەماو هۆی کاری نامۆ بوو بیت، بەلام لە راستیدا دەرئەنجامیتی.. وەك چۆن خواکان لە بنەرەتدا هۆی پەشیوی زیهنی مرۆڤەکان نین بەلکو دەرئەنجامی ئەو پەشیویەن. ئەم پەیوەندیە پاشان دولایەنە دەبیت.

تەنها لە لوتکەی کۆتایی پەرەسەندنی مولکایەتی تایبەتیدایە، نهینیەکەی واتە ئەوەی لە لایەك بەرهەمی کاری نامۆ بووەو لە لایەکی دی هۆکاریکە کە بەهۆیەوە، کاری خۆی نامۆ دەکات یان بە دەربرینیك **بە واقعیبوونی ئەم نامۆ بوونە**، ئاشکرا دەبیت.

ئەم تەفسیرە یەکسەر تیشکیکی روناك دەخاتە سەر زوربەی ئەو وتویژانەی تا ئیستا بیچارەسەر ماونەتەوە.



*1)*ئابوری سیاسی کار بە تەنها سەرچاوەی واقعی بەرهەمهینان دەزانیت بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا **هیچ** شتیك بۆ کاری تایبەت ناکات و **هە**موو شتەکان بە مولکایەتی تایبەتی دەدا. پرۆدۆن بۆ کارو دژی مولکایەتی تایبەتی، **هە**لویستی وەرگرتووە*. بەڵام بینیمان کە ئەم دژایەتیە روکەشە، دژایەتی **کاری نامۆ بووە** لەگەڵ خۆیداو ئابوری سیاسی تەنها یاساکانی کاری نامۆ بووی نوسیوەتەوە.

**هە**روەها تیگەیشتین کە **کرێ** و **مولکایەتی** تایبەتی یەکسانن چونکە بەرهەم وەك ئوبژیکتی کار (بەشی) خۆی دەدات و لە دەرئەنجامدا کرێ **هیچ** نیە جگە لە دەرئەنجامی ناچاری نامۆ بوونی کار. دواجار لە کریی کاردا، کار وەك ئامانجیك بۆ خۆی دەرناکەویت، بەلکو لە خزمەتی کریدایە. پاشتر ئەم خالە زیاتر روندەکەینەوەو لیرەدا تەنها **هە**ندیك لە دەرئەنجامەکان دە**ه**ینینەوە[9].

زیادبوونی سەپینراوی کریکان (بەدەر لە **هە**ندیك مەسەلەی وەك ئەو راستیەی کە تەنها "لەژیر **هە**لومەرجی" ناچاریدایە کە کریی زیاتر کە پیچەوانەی ریسایە، دەدریت) جگە لە **بەخشینیکی باشتر بە کۆیلەکان** نیەو **هە**لومەرج و پایەی مرۆیی بۆ کریکاران یان بۆ کار بەدیاری ناهینیت.

لە راستیدا تەنانەت **یەکسانی کریکان** کە پرۆدۆن خواستاریتی، تەنها پەیوەندی کریکاری ئەمرۆیی بەکارەکەیەوە دەگۆریت بە پەیوەندی **هە**موو مرۆڤەکان بەکارەوە. کۆمەلگا لە حالەتیکی وادا وەك سەرمایەداریکی تەجریدی، دەرك دەکریت.

کرێ دەرئەنجامی راستەوخۆی کاری نامۆ بووەو کاری نامۆ بوو **هۆ**ی سەرەکی مولکایەتی تایبەتیە. کەوتنی یەکیکیان بە ناچار کەوتنی ئەوی دیان بەدوادا دیت.

*2)*لە پەیوەندی کاری نامۆ بوەوە بە مولکایەتی تایبەتیەوە، وا دەردەکەویت کە رزگاری کۆمەلگا لە مولکایەتی تایبەتی و کۆیلەیەتی، **شکلی سیاسی رزگاری کریکاران** بەخۆیەوە دەگریت، نەك بەو مانایەی کە تەنها مەبەست رزگاری کریکارانە، بەلکو بەو مانایەی کە رزگاری کریکاران، رزگاری سەرجەم مرۆڤەکانە، چونکە سەرجەم کۆیلەیەتی مرۆڤ دەرئەنجامی پەیوەندی کریکارە بە بەرهەمهینانەوەو **هە**موو شیوەیەك پەیوەندی کۆیلەیەتیش جگە لە برین و چاککردن و دەرئەنجامی ئەم پەیوەندیە، **هی**چی دی نیە.

وەك چۆن بە **شیکردنەوە** چەمکی **مولکایەتی تایبەتیمان** لە چەمکی **کاری نامۆ بوەوە** هەلهینجا، **هە**نوکە دەتوانین **هە**موو **وتەزایەکی** ئابوری سیاسی بە یارمەتی ئەم دو چەمکە رون بکەینەوەو لەمەر وتەزایەکدا بۆ نمونە بازرگانی، ململانێ، سەرمایە، پارە،.. ئەم رەگەزە سەرەتاییانە سەرلەنوێ بدۆزینەوە.

بەر لە باسکردنی ئەم خالە، **هە**ولدەدەین بۆ ئەوەی دوو مەسەلە چارەسەر بکەین.

*1)*پیناسی **ماهیەتی مولکایەتی تایبەتی** بە شیوەیەك کە دەرئەنجامی کاری نامۆ بوەو **هە**روەها پەیوەندی بە **مرۆڤی راستەقینە** و **مولکایەتی کۆمەڵایەتیەوە**.

*2)*ئیمە **نامۆ بوونی کاری نامۆ بوونیمان** وەك واقعیەتیکی بەلگەنەویست قبول کردو **هە**ر ئەم واقعیەتە بەلگەنەویستەشمان شیکردەوە. **هە**نوکە دەبێ ئەم پرسیارە بهینینە ئاراوە کە **مرۆڤ چۆن کاری خۆی نامۆ** دەکات؟ ئەم نامۆ بونە چۆن رۆچۆتە ماهیەتی پەرەسەندنی مرۆڤەوە؟ ئیمە بە گۆرینی شکلی ئەم پرسیارە کە رەگی مولکایەتی تایبەتی چیە بەم پرسیارە کە **پەیوەندی کاری نامۆ بوو** بە رەوتی پەرەسەندنی مرۆڤەوە چیە، بەشیکی زۆر لە ریگەکەمان بریوە. چونکە ئەو کاتەی باسی **مولکایەتی تایبەتی** دەکرێ، روبەروی شتیکین کە



سەبارەت بە مرۆڤ دەرەکیە، بەڵام کاتیك باسی کار دەکرێ راستەوخۆ سەروکارمان لەگەڵ مرۆڤدایە. ئەم شیوە تازەیەی هینانە ئارای مەسەلەکە، ریگەچارەی خۆشی لەگەلدایە. سەبارەت بە *1*) ماهیەتی مولکایەتی تایبەتی و پەیوەندی بە مولکایەتی راستەقینەی مرۆڤەوە.

کاری نامۆ بوو دابەش دەبێ بۆ دوو رەگەز کە بە شیوەیەکی دوولایەنە یەکدی دەستنیشان دەکەن یان بە دەربرینیکی دی دەرکەوتی جیاوازیی یەك پەیوەندین. مولکداری وەك **نامۆبوون** و **جیابونەوە** لە (بەرهەم) دەردەکەویت و **نامۆبونیش** وەك مولکداری؛ **نامۆبوون** پیشەکیەکی واقعیە بۆ قبولکردن لە کۆمەلگادا. [10]

ئیمە لایەنیك **لە کاری نامۆبوو** واتە پەیوەندی بە **خودی کریکارەوە** یان بە دەربرینیکی دی **پەیوەندی بەخۆیەوە**مان شیکردەوەو **پەیوەندیەکانی مولکایەتی جگە لە کریکار بە کریکارو کارەوە** وەك دەرئەنجام و بەرهەمی ناچاری ئەو پەیوەندیەمان هەلهینجا. **مولکایەتی تایبەتی** وەك دەرکەوتی مادی و کۆکراوەی کاری نامۆ بوو، دوو پەیوەندی دەگریتەوە: **پەیوەندی کریکار بەکار و بە بەرهەمی کاری خۆیەوە جگە لە کریکارو پەیوەندی بە کریکارو بەرهەمی کارەکەیەوە**.

بینیمان کە لە پەیوەندی بە کریکارەوە، کە بە کارەکەی **سروشت دەکاتە مولکی خۆی**، ئەم مولك گرتنە لە شیوەی نامۆبوون، چالاکی خۆ بزوینەری وەك چالاکی بۆ ئەوی دی و مولکی ئەوی دی، هیزی حەیانی ئەو بە شیوەی قوربانیکردنی ژیان؛ بەرهەمهینانی بەرهەم لە دەستدان و (سپاردنی بە) هیز و **کەسیکی بیگانە**، دەردەکەویت. هەنوکە دەبیت پەیوەندی ئەم کەسە کە بە کریکارو **کاری نامۆ بووە**وەیە، بە کریکار، کارو بەرهەمی کارەوە، تاوتوێ بکەین.

سەرەتا پیویستە بلیین کە ئەوەی بۆ کریکار وەك **چالاکی نامۆ** دەردەکەویت، بۆ جگە لە کریکار، وەك **هەلومەرجی نامۆبوون** دەردەکەویت.

دوهەم: دیدی واقعی و کرداری (عملی) کریکار بۆ بەرهەمهینان و کار (وەك روانگەیەك) لای، جگە لە کریکار وەك دیدیکی تیۆری دەردەکەویت.

سیهەم: جگە لە کریکار ئەوەی کریکار دژ بە خۆی ئەنجامیدەدا، بە دژی ئەو ئەنجامیدەدا، بەلام ئەوەی کە خۆی دژی کریکار ئەنجامی دەدا، بە دژی خۆی رەوا نازانیت.

ئیستا ئەم سێ پەیوەندیە بە وردی دەخەینە ژیر لیکۆلینەوە.

(یەکەم دەستنوس هەر لیرەدا بە ناتەواوی، دەبرریت).

## یاداشتەکان:

*1)کاری نامۆ بوو یان بە زمانی ئەلمانی Die Entfremdete Arbeit.*

*2–بەرجەستەبوون یان بە بابەتبوو. یان بە زمانی ئەلمانی Vergegen stcindlichvng پرۆسەی "سەیروورەی" شتیك.*

*3)لە دەستدانی واقعیەت یان بە زمانی ئەلمانی Entwirklichung رەنگە وەرگیرانی باشتر "نزمبوونەوەی بەها" (deralvation) بیت. مارکس لەسەر شیوازی هیگڵ Verwirklichvng بە مانای بە واقیعبوون وەك دژی Entwriklichvng بە مانای لەدەستدانی واقعیەت، بەکاردەهینێ. لیرەدا بە واقیعەت بوون بە مانای بەدیهاتن، ئەنجامدان و دروستکردنی شتیکیواقعیە. مارکس دەلێ کە بەدیهاتنی کار دەگۆرێ بۆ دژی خۆی.*

*4)نامۆبوون (لەخۆ نامۆبوون) بە زمانی ئەلمانی Entausserung.*

*5)هەستپیکراو بە زمانی ئەلمانی Sinnlich.*



6)بونەوەری نەوعی بە زمانی ئەلمانی Gattvngswessn زاراوەیەکە کە فویرباخ بەکاری دەهێنێ و مەبەستی رەگەزی مرۆڤە (Guttung) خەسڵەتی نەوعی (وەك بونەوەری نەوعی) Guttungyeesen: خەسڵەتی زاتی مرۆڤ. ئەم پەرەگرافانەی خوارەوە کە لە کتێبی "جەوهەری مەسیحیەت"ی فویرباخەوە وەرگیراوە، رەنگە یارمەتی خوێنەر بدات بۆ تێگەیشتن لە زەمینەی ئایدیۆلۆژی ئەم بەشە لە بیری مارکس و هەروەها ئەوەی کە چۆن مارکس هاوکات لەگەڵ وەرگرتنی چەمکەکانی فویرباخ، هیگڵ و ئابوریزانانی سیاسی، ناوەرۆکی تازەیان پێدەبەخشێ.

"جیاوازی چارەنوسسازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵەکان چیە؟. هوشیاری! بەڵام هوشیاری بە مانای ڕاشکاو. چونکە ناتوانین ئەو هوشیاریەی کە لە ئەنجامی هەستکردن بە خۆی وەك تاکێك دەردەکەوێت، یان لەو جیاکردنەوەدا کە لەسەر بناغەی هەستەکان فۆرمەڵە دەبێت، یان لە تێگەیشتن و تەنانەت هەڵسەنگاندنی شتە دەرەکیەکان لەسەر بناغەی ئاماژە هەستپێکراوەکان، دەردەکەوێت، لە ئاژەڵدا لەبەرچاو نەگرین. هوشیاری بە مانای ڕاشکاو کاتێك لە بونەوەرێکدا ئامادەیە کە بۆ ئەو رەگەزو خەسڵەتی زاتی خۆی وەك ئۆبژێکتێکی بیرکردنەوە بێت. لە ڕاستیدا ئاژەڵ هوشیارە بە بوونی خۆی وەك تاکێك و بەم شێوەیەش هەستێکی بە بوونی خۆی هەیە وەك ناوەندی گشتی هەستەکان.. بەڵام نەك وەك رەگەزێك.. لە ژیانی عەمەلیدا، ئێمە سەروکارمان لەگەڵ تاکەکاندایە و لەزانستدا لەگەڵ رەگەزەکان.. بەڵام تەنها ئەو بونەوەرەی کە رەگەزو خەسلەتەکەی ئۆبژێکتی بیرکردنەوەیە، دەتوانێ خەسلەتی زاتی شتەکانی دی یان بونەوەرەکانی دی بکات بە ئۆبژێکتی بیرکردنەوە. ئاژەڵ تەنها ژیانێکی سادەی هەیە، مرۆڤ ژیانێکی دولایەنە.. لە ئاژەڵدا ژیانی دەرونی هەمان ژیانی دەرەکیە. بەڵام هەم ژیانی دەرونی هەیەو هەم ژیانی دەرەکی. ژیانی دەرونی مرۆڤ، ژیانێکە کە پەیوەندی بە رەگەزەکەیەوە هەیە واتە بە خەسڵەتی گشتیەوە کەلە خەسڵەتی فەردی جیابۆتەوە.. ئاژەڵ ناتوانێ بێ بوونی تاکێکی تر کە سەبارەت بەو دەرەکیە، کارکردنێکی هەبێت کە پەیوەندی بە رەگەزەکەیەوە هەیە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ جیا لە تاکێتیەکی تر، کارکردنەکانی بیرکردنەوەو قسە ئەنجام بدات کە بە ڕاشکاوی دەلالەت لە بوونی ئەم پەیوەندیە بە رەگەزی مرۆڤەوە دەکات.. لە ڕاستیدا مرۆڤ لە هەمان کاتدا هەم "من"ە و هەم "تۆ": ئەو دەتوانێ خۆی لە جێی کەسێکی دی دابنێ و لەبەر ئەمەش ئەوەی بۆ ئەو بە رەگەز، خەسلەتی زاتی، نەك هەر تاکێتی دەژمێرێت، ئۆبژێکتی بیرکردنەوەیە. ئۆبژێکتەکە خۆبەخۆو بە زەرورەت بکەرێك پەیوەست بێت پێوەی، شتێك جگە لەم بکەرە نیە واتە سروشتی بابەتی.. "لێرەوە پەیوەندی خۆی بە زەویەوە"، لە هەمان کاتدا پەیوەندی زەوی بە خۆی و بە ماهیەتی خۆیەوە دەبێت، چونکە رادەو توندی روناکیەك کە خۆر وەك ئۆبژێکتی زەوی بەدەستی دێنێ، یەکسانە بە ماوەیەك کە ماهیەتی تایبەتی زەوی دەستنیشان دەکات.. لەبەر ئەوە مرۆڤ بە لیکۆڵینەوەی ئۆبژێکت، ئاشنایەتی لەگەڵ خۆیدا پەیدا دەکات.. هێزی ئۆبژێکت بەسەر ئەودا هەمان هێزی خەسلەتی خۆیەتی. (جەوهەری مەسیحیەت، وەرگێرانی لە چاپی دوهەمی بە زمانی ئەلمانی بە هۆی ماریان ئیڤانوس، لەندەن 1854، لاپەرە 5–1).

7)زاراوەی Se yehstundich ی مارکس دەکرێ بە "بابەتی" وەریبگێرین بەڵام ئەوەی کە مەبەستە سیفەتێکە کە پەیوەندی بە Gegenstand یە بە مانای "بابەت" هەیە، ئێمە پێمان وایە کە باشترین وشە بۆ yegenstandiche welt جیهانی شتەکان (جیهانی ئۆبژێکتەکان)ە.

8)بۆ تێگەیشتن لە مانای wirklich gegenstunlich لای مارکس بگەڕێینەوە بۆ یاداشتی پێشوو. وەك چۆن کە gegenstundlich پەیوەستە بە Gegenstund،



**Wirklich** پەیوەستە بە **wirkeh** بـە مانـای کـارکردن. وەرگیرانی باشتری ئەم رستەیە رەنگە بەم شیوەیە بیت. "پەیوەندی مرۆڤ بە خۆیەوە تەنها بە شیوەی پەیوەندی بە بابەتەکان و کارەوە دەبیت".

9)ئەگەر بە بیرمـان بیتـەوە کـە لـە زاراوە تەکنیکیـەکانی هیگلیدا" وەك یەکی (این همانی) لە بەرامبەر "یەکیتی"دا رادەوەستیّ، رەنگـە ئـەم رسـتە ئـالۆزە تـا رادەیـەك رون بیتەوە. پیدەچـیّ مەبەسـتی مـارکس لـەم رسـتەیە ئـەوە بیت کە یەکیتی دژەکـان لـە نیـوان کریکـان و مولکایـەتی تایبەتیدایـە چونکـە کریکـان دەرئـەنجامی مولکایـەتی تایبەتین و مولکایەتی تایبـەتیش دەرئـەنجامی سیسـتمی کریّ گرتەیە. لەم پرۆسەیەدا کار تەنها دەوری نیوانکاریك دەبینیّ. کریکان و مولکایەتی جەمسەرگەلیکی واقعین.

10)مـارکس نـامۆبوون بـە **die Wuher Eintrgerung** ناودەنیّ کە ماناکـەی "بەشـیکی راسـتەقینەی کۆمـەلگای بوون"ە. پیدەچیّ مانای ئەم رستەیە لە دەستنوسـەکاندا ئەوەیـە کـە لـە خـۆ نـامۆبوون کلیلـی چونـە ژوورەوە بـۆ کۆمەلگایە.

*ئەم بەشە فەسـلیکە لـە وتارەکـانی دەسنووسـەکان کـە لەم کتیبەی خوارەوە، وەرگیراوە:

کارل مارکس: دست نوشتەهای اقتصادی و فلسفی 1844.

ت: حسن مرتضوی: تهران: اگاه چاپ اول 1377.